

# ئیلینا، مەریەمی پاکیزە خەڵات دەکات

حەمەسەعید زەنگنە
(کەرکووک)

چوار ساڵ بوو هاوسەرگیری و نوێ زانکۆم تەواو کردبوو، شەوێک لە پڕ و بێ ماڵئاوایی، باوکم بارگە و بنەی پێچایەوە و دڵی وەستا و بۆ هەتا هەتایێ ماڵئاوایی کرد. باوکم پیاوێکی خانەدانی جوانی دەستڕۆیشتوو و هەبوو بوو، کاری سەڕافی و پارەگۆڕینەوەی دەکرد، ماڵ و سامانێکی ئێجگار زۆر و بێ شوماری بۆ بەجێ هێشتم.

مخابن! منی سەرەڕۆ و ئالۆشاو و چڵێس و دووی هەواوهەوەس کەوتوو، زۆریم بەفیڕۆ و بەدەم ئاودا دان و قەدرم نەزانین! بەرینان گوتەیەکی بەدەویان هەس، زۆر جار دڵی خۆمی پێ دەدەمەوە و بڕێک کۆڤان و کۆژانەکانمی پێ سووک دەکەم!

(زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر باشە).

خۆشبەختانە هێندەی نەبرد فریشتەیەکی ئەفسووناویی فریادڕەسم ناسی! بوو بە (خدری زیندە) و لەو زەلکاوی قێزەونی و بێ ڕەوشتییەی دەرهێنام و منی لەو ڕچە ڕێگە چەوت و چەوێڵە ئابڕووبەرە پڕ شەرمەزارییە دوورخستەوە و زڤڕاندمییەوە سەر شەقامە دروستەکە، بە چیش! بە چەند دەستەواژەیەکی کورتی تژی پەند و عیبرەت.

ئامۆژگاری و وانەکانی! بەرهەمەکەیان ئێستێ دروێنەی دەکەم و خەڵکی لێی دەئاخڤن.

من خڕ شتەیلت لۆ ناگێڕمەوە، نا! قیچەکت بەرچاوڕوونی وێدەدەم و چەند پاژێکی کورتت لەو سەربوردەیە بۆ دەخەمەڕوو، تا لە گێڕانەوەیەکی تردا، ناڕوونییەکت دیت! تێهەڵکێشی کەیت و کۆمەکت بکات، چاتر لە ڕێڕەوی گێڕانەوەکە تێبگەیت.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستێ، لەم بازێڕەی ئێوە جێگیر بووم و بۆ سەر کارە پێشینەکەی بابی کۆچکردووم گەڕامەوە، نووسینگەیەکی ئاڵوگۆڕی دراوم دانا، بە ناوی:

[نووسینگەی ئیلینا، بۆ دراو و بازرگانی و خانووبەرە].

دەستم بە کار کرد، وێڕای خەڵک و کەسایەتیی زۆری شارەکە، دۆستایەتی و ئاشنایەتیم پەیدا کرد. لە خۆشی و ناخۆشییاندا پشکداریم دەکردن و تێکەڵاویان دەبووم، زۆربەی زۆریان هاتوچۆیان دەکردم و بەسەریان دەکردمەوە و دەست لەسەر سنگ بۆم دەوێستان. بەچاوی ڕێز و بەبینەتەوە، چاویان لێ دەکردم و خۆشیان دەویستم.

لە بەرانبەردا! منیش ئەوی پێم کرابا لە دەستباری و دەستگیرۆیی و یارمەتی و کۆمەکی چینی هەژار و نەبوو و نەدار درێخیم نەدەکرد، هەرچییان ویستبا دەستم بە ڕووی کەسەوە نەدەنا و بێ هیوا و بێ ئومێدم نەدەکردن!

بە دەم خۆم نەبێژم لە ماوەیەکی کورتدا نێو و نێوبانگم چوو، لە گشت کۆڕ و خڕبوونەوە و جڤاتێکدا، باس هەر باسی جوامێری و خێرخوازی و دڵئاوایی من بوو، ئەمەش جوانییەکەی بۆ ئەو فریشتە ئافسووناوییە دەگەڕێتەوە.

یەکێک لەو کەسانەی لە نزیکەوە ناسیم «حەمەسەعید زەنگنە»ی نووسەر بوو، هەر زوو چووە دڵمەوە و هۆگری بووم، ئەو چیرۆکنووسێکی کارامە و دیار و بەڵەد بوو. پاش کارەکەم، زۆربەی کاتەکانم، دەگەڵ وی بەسەر دەبردن. ئەویش بە هەمان شێوە زۆری ڕێز لێ دەنام و فرەی خۆش دەویستم.

ڕۆژێک لە کافێیەک پێکەوە خەریکی قاوە خواردنەوە و گەنگەشەی دنیایی بووین، لە میانەی قسەکانیدا بە پێکەنینەوە گوتی:

«بەدواداچوونم بۆ پەیڤی- ئیلینا- کردووە، کە تایتڵی نووسینگەکەتە! بە یۆنانی «ئێلینا»یە.

بە ئینگلیزی «ئەلینا»یە، ناوێکی کچانەی جیهانییە و لە بنەڕەتدا لە زمانی یۆنانیی کۆنەوە (گریک) سەرچاوەی گرتووە و پێوەندیی بە ناوی ((ئێلین))ەوە هەیە، کە بە واتای ڕووناهی، یان خۆر دێت! بەم ئاوایە ئیلینا واتە (کچەی درەوشاوە)، هەروەسا لە زۆربەی وڵاتاندا ئەم ناوە بە شێوەی جۆراوجۆر هاتووە و گۆکراوە. لە زمانی (ئیسپانی و ئیتاڵی و پرتوگالی)دا بە کچێکی بەهێز و سەرنجڕاکێش و کاریزما هاتووەتە لێکدانەوە. لە زمانەیلی: سلاڤیدا مینا (ڕووسی و سیربی و ئۆکراینی) بە واتای ڕووناکی، یان جوانی باس کراوە، بەڵام بۆ (مەریەمی پاکیزە) سەر دەهێنم و سەر دەبەم دەستەوەستانم».

مەبەستی لە (مەریەمی پاکیزە) ئەو کەڤاڵە پۆستکارتە بوو، لە چوارچێوەیەکی زێڕم گرتبوو و لە سەر مێزی کارکردنم دامنابوو.

زێتری درێژە بە ئاخاوتنەکانی دا و پێی گوتم:

«خەسڵەت و دڵکراوەیی و دڵنەرمی و خۆشەویستیت! وای کردووە، کەسەک ناپرسێ: «ئیلینا» کێیە و وێنەی (مەریەمی پاکیزە) بەو چوارچێوەی زێڕەوە بۆ لەسەر مێزەکەیەتی! وەلێ بۆ خۆم بووەتە مەراق و وەسوەسە و ئاواتمە بزانم گرێدان و چیرۆکی پشت ئەم کەڤاڵ و دوو واژەیە چین و ئەم دوو پەیڤە کوو ئاوێتەی یەکدی بوون؟»

ئەمەی پێشتریش چەند جارێکی دی گوتبوو! لێ بەم جەختە لەسەر کردنە نا! منژی هەر کەڕەتەی بە پاساوێک، خۆم لە پرسیارەکەی دەبوارد.

پتر درێژەی دایێ و کوتی:

«ساڵانێکە ئێمە برا و هاوڕێ و دۆستی یەکدیین! ڕێز و خۆشەویستییەکی فرە لە نێوامانـدا هەن،

لێ ڕەوتارەکانت دەیسەلمێنن تا ئێستاش گومانت لە برادەری و دڵسۆزیم هەبێ! ئەگینا بۆ دەمێ ئەم بابەتەت دەگەڵ دەکەمەوە، ڕوو و ڕوخسارت تێکدەچێ و سوور دەبیتەوە و هیچ ناڵێیت! بۆیە بڕیار بێت ئیدی لەمەودوا ببڕای ببڕ ئەم مژارەت دەگەڵ ناکەمەوە و زاری خۆم کڵۆم دەکەم و چیدی پرسیارت لێ ناکەم»

من هەر مکوڕ بووم لەسەر بێدەنگی و وەڵام نەدانەوە.

ڕۆژان چوون........

ڕۆژێک پێکڤە دوو بە دوو دانیشتبووین، قاوەمان دەخواردەوە و یاری و گەمەی تاوڵەمان دەکرد، جارجارە ئەوی سیگارێکیشی بەبا دەدا، بە ڕێکەوت لە کاتی هاویشتنی زارەکاندا، یەکێ لە زارەیل لە دەستم پەڕی و کەوتە سەر زەوییەکە و ئێستە و ئەوسا! بوو بە تیکەنانێک و قووت درا! زۆری بە دوودا گەڕاین بێ سوود بوو. لەوە دەچوو لە مامەڵە و بەرخوردی مە بێزار و وەڕس بووبێت، بۆیە خۆی وەرشارد و بزر بوو.

ئەمەی چون دەرفەتێک قۆستەوە و کوتی:

«تەماشا!» کەمێک وەستا و ئەم جار کوتی:

«تەمەنی من و تۆ ڕووەو هەوراز نییە! دا بڵێی یەشتان زووە ئەم ڕاز و نەپەنییە پەنی کەم، بەرەواژ بەرەو نشێوی غلۆر دەبینەوە»

ئەوجار بە زوانە سادە و ڕەمەکییەکە گوتییەوە:

«هەرچەندە گوتم ئیتر پرسیاری وا ناکەم، لێ خۆزگە دەمزانی ئەم نهێنییە، هێندە بڤە و یاساغە! تا ئەوەندە بێ دەنگ و کڕ و لە باسنەکردنی مکوڕ بیت؟»

درێژەی نەدەمێ! کەوتە گلە و گازندە و سەرزەنشتکردنم. زۆرم لێ پاڕایەوە، دەستێکی خستە سەر ئانیشکم، بە سۆزەوە چاوی لە چاوم نا:

«لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ، سۆز و هەرێ و پەیمانت دەدەمێ! قەتی باس نەکەم و لای کەسی نەدرکێنم، بەڵانەکینێ ئەگەر سەرهاتەکە باندۆر و کاریگەریی لە سەر دانام! لەوەیە چیرۆکێکی لێ هەڵێنجێنم، مەرج بێت بە هیچ ئاوایەک نێو و نێوبانگ و نێونیشان و ئەدرەسی تۆ نەبەم.»

پشتی قیچەک بێدەنگی بە پێکەنینەوە تێهەڵچووەوە:

«ها چت کوت! ڕێککەوتین؟»

بەم کوتانە برێکی خاوکردمەوە و ڕای گۆڕیم، ئاخر لەوەبوو زێتری لەسەر سوور و شێلگیربیم! لێم زیز و دڵی لێم برەنجێ، نەخاسمە ڕێزی زۆر و فرەیشم خۆش دەویست! بۆیە شل بووم. تاوڵەکەم هێنایەوە یەک و بڕیارم دا:

ئەوی ژێر بەڕ بێخمە سەربەڕ.

جا ئەوەی دەیخوێنیتەوە! هەڵێنجراوی ژێربەڕن بۆ سەر بەڕ.

* * *

(حەمە عەلی! دەکنم پەنی و ئاشکرایە! بۆ کاری خاس و نیازی باشت نین و دەچیت! وەلێ دڵم نایە! لێت وەخوێنم و دوعات بەرەو ڕوو کەمەوە، هەڕوو ئۆغرو خێر و بێوەی و بێمزەرەت بگەڕێیتەوە نێومان!).

ڕۆژ بەژنە زەلامێک هەڵکشابوو، کەشوهەوا تەواو گەرمی کردبوو، کاتێ چەمەدانیم دەشان نا و لە دەرکەی حەوشەوە دەرباز بووم، سەرگوڵ بە دڵێکی دارماڵ کۆڤان و کۆژان و جەخارەوە، دەفرێ ئاوی پاکژ و تەزی و ڕۆشنی وە دوومدا نارد و ئاوای پێ کوتم.

ویستی بەم وشەیلە! مینا پیشەی هەمیشەیی، کەڕەتێکی دی سپا و ئۆردووی سۆز و ڤین و خۆشەویستیی خۆیم پێشان دا، لێ ئەوە بۆ منێکی چون دەوشن: «دلڕەقی بێ موراڵی

ئیڤەلی و سەرسەری، چ بانۆر و کاریگەرییەکی دەبێ؟»

ئەز بە ئەندازەی خواردنەوەی فنجانە قاوەیەکی تاڵی وڵاتەیلی ئەورووپا، دەبوو و نابوو، لە فرگەی بەیرووت دابەزیبووم! پێویست بوو ئەوشۆ وچانێکم دابا و شەوی پاشتر و پشتی تەنا و ڕەحەتی و حەسانەوە، ئەستۆم شکانبا و چووبام، لێ ئەمن ڕەچاوی ئەوەم نەکرد و چووم.

ئازگارێک بێواز و بێ توان و بێ تاقەتم! چی بوو! پشوویەکم نەدا و پیچەک نەحەسامەوە، ئەم بڕیارە لەز و خێرا و سەمەرەیەم دا و بۆ تیاترۆخانەکە چووم، ئەو گفتەم بەو دوێتە دا! دەی ئێستێ چ بووە، نە کەعبە کەچ بووە و نە شتی وا بڤەش ڕووی داوە! ئەگەر هاتیش پەلەتیقەیەکی لۆ وەبینەوە و دوو قسانی حیزی بۆ وەکە و دەستێکی تەڕ وە پاشەڵیدا بماڵە. بارگیر! تا نووکە سەتان درۆی وات کردووە و دەیانی وات لە داو ناوە و بردوونەتە سەرئاو و بە تینوێتیت زڤڕادوونەتەوە، ئەوە شتە مێشکی خۆتت پێوە سەرقاڵ و وشیوە و چوویتە بنی و بیری لێ دەکەیەوە.

شەوێ لە (نایت کڵەپ)ـەکە، کچێکی زراڤی تەمەن نۆزدە بوهاری، چاو کەسکی میانەباڵای خووشیکی قژزێڕینی پێست پەمەیی، مینا ئەو پەرییانەی لە کتێوە ئاسمانییەلڕا هاتوون و باسیان لێوە کراوە و پێیاندا هەڵگوتراوە و مەردمیان پێ چەواشە و وەلاڕێدا بردوون! لەسەر ستێج و سەکۆی نمایشکاران سترانی دەچڕی و بەئاوایەکی ڕۆمانسی خۆی نمایش دەکرد و با دەدا. ئازگارێک دڵی بردم و هۆشی لەبەر بڕیم! ئاماژە و دیاردم بۆ کرد، بڵاچەی تیرۆژی زەردەخەنەیەکی وەریو بەسەر هەوری لێوانیوە، ئۆخژنێکی ئارامبەخشی وێدام، بە ئەندازەی پێکێک بادە وەدەم سیگارێکەوە وەبادەی! ڕۆڵەکەی خۆی کۆتا پێ هانی و هات! قامکەیلی دەنێو ئەنگووستانم تێک پەڕاند و دەنکە زەیتوونێکی دەنێو فەخفورییەکی بەردەمم، بە دوو تبلە شووشەییەکانی هەڵگرت و بڵندی کردەوە و دە زاری نام، ئەمنیش لەکنە خۆمەوە جێگەم بۆ کردەوە و ڕۆمنیشاند.

پێی کوتم کە:

«ناوی ئیلینایە و خەڵکی وڵاتێکی ئەورووپاییە و ماوەیەکە لەم وڵات و باژێڕە گیرساوەتەوە و سپێدان ئیشی تایبەت و شەوانیش ئارتێست و مژوول و سەرقاڵی کاری هونەرییە».

باگۆم داوە:

«ئەمنیش نێوم فلانە و خەڵکی ئەم وڵاتە نیم و بزنسمانم و کار و پیشەم بازرگانییە».

بەدەم مژینی دەنکە زەیتوونێکەوە، کە لە نێوان لێوەیلی، هێندەی تر گڕی تێبەردام، سەرێکی وەکرێ لەقاند، تێمگەیاند هەر دەمژمێرێک دەبێت و نابێت! لە وڵاتێکی دەردوورەوە هاتووم و پێم خۆشە یەکدی بناسین و چەند ساتێکی هێمن و ئارام پێکەوە بەڕێ بکەین! ئەوەیشە ئەدرەسەکەم!

بە ڕوویەکی خۆش و چەند پەیڤێکی ورووژێن و خەنینێ ئامال کاڵەوە، کەڕەتێکی دی سەرێکی لۆ بڵند و نەوی کردم، ها مانا منیش.

گارسۆنە منداڵکارە قووچەکەم گاز کرد، نێو بوتڵی وێسکی و قاپێ شامپانیای بۆ هەڵپچڕین! دەنگ و شڵپەی شامپانیاکە، گفتوگۆ و کەش و ڕەوشی دانیشتنەکەمانی بڕێک شەنگ و ڕەپێش نا و دەرکەی یاری و گەمانی واز کرد، کەوتینە نێو دەریای گوتە و چپە و بادەنۆشین و خۆتێهەڵسوین و ڕامووسان و سەما و تەرانەی ڕۆمانسی، ئەز خۆمۆڵ و لاواز نەبووم! بیتوانیبا ڕام و ماڵی و دەستەمۆم بکات و شۆخی بە ئاوەزم بێت. نا! من دەیان جاری دی ئەم جۆرە سەودا و بەرخوردانەم

کردوون، له هەمووشیاندا سەرکەوتوو بووم و نە خرچاوم.

هێندەم خواردووەتەوە دییەکانم تەواو لێڵن، جەستەم تێکچڕژاوە و لینگ و لاقەیلم تێکدەهاڵێن، قولم لەدووم نایە، هەر بارگینێکی چون منە، دەرەقەتی ئەم جۆرە خواردنەوە و نۆشینە دێت! چاوم له دەمژمێرە لاکێشەیییە ئاوێزانەکەی هەمبەرم نا، خەتەیل ئامێتە و سایەیان لێکدی کردبوون، بە دروستی و جوانی بۆم لێک نەدەکرانەوە، پاش سەرنج و دیقەتێکی فرە، دە ئالم پەنی بوو، شەش کاتژمێری بۆ کازێوەی بەرەبەیان ماون، ئەدرەس و نێوونیشانی هۆتێلەکەم وێدا و بێ دەنگ و سەنگ، وەکری جێمهێشت و گەڕامەوە هوتێلەکە.

یاسا و ڕێسای ئەو شوێنەیله وان! گاهێ بەرنامەکانی کابەرییەکە دێنە کۆتا، کیژەیلی ئارتێست، سەربەست و ئازادن، ئەو چەند دەمژمێرەی شەویان چۆن و لە کن کێ و بە چ متایەک بەسەر دەبەن!

نوێ ئاوێکم بەخۆمدا کردووە، توولە ئازارێکی تیژ دەنێو سکمدا گینگڵی دەدا، وەلێ بایی ئەوە نییە! ناڕەحەت و هەراسان و چێژ و خۆشییەکانم لێ وەرگرێتەوە، بە مایۆیەکی شین و سپیی ستانداردەوە، لەسەر ڕووی چوارپایە یەکتەختەکە ڕاکشاوم، سۆما و بیلبیلەی چاوم لە بنمیچ و ساپیتەی ئۆدەی هوتێلەکە چەقیوە، بیر لە کوتەکانی سەرگوڵی هاوژینم دەکەمەوە:

«حەمە عەلی! دەکنم پەنی و ئاشکرایە! بۆ کاری خاس و نیازی باشت نین و دەچیت! لێ دڵم نایە، لێت وەخوێنم و دوعات بەرەو ڕوو کەمەوە، هەڕوو ئۆغرو خێر و بێوەی و بێمزەڕەت بگەڕێیتەوە نێومان».

هەرچەندە لام واشبوو درۆی دەکرد، وەلێ دەنگوسەدای هەر لە گوێیەیلم دەزرینگانەوە، بەڵام بە سەرخۆمیشی نابەم! لەم مەلەی ڕووباری بیرکردنەوانەدا بووم! دەرکە، دوو نەرمە زایەڵەی لێوە بڵند بووەوە، وێنای ئەوم نییە، لێ بە تەبت و ئارامی و لەسەرخۆیی دەرکە واز و ئاواڵە دەکەمەوە، دەستێکم وەملای دەرکەکەوە و ئەویدیم بەو لای دەرگەوە ناوە!

ئیلینا بە هامبێزێ نیانی و کۆڵێ ئارامییەوە! وەهایەکی درێژ و تیژ و باریکەوە بە ژێر باڵمدا ڕووەو سویتەکە فجوق دەکات، دەمێ ئاوڕ دەدەمەوە، کەش و ئەتمۆسفیری وەتاغەکە تەواو جیاوازە. شەم و حەبیبە و شیرین، شاکامی بە ئیلینا دەبەن! هێند شرین و بەدەوە برای خۆی حەیرانی دەبێت، ئیدی بوار بوونی نابێ، دا فێڵ و حیلە و تەڵەکەیەک وەدۆزم و چون دەوشن پوولێکی پێوە نێم! هەرچەندە وەکی کوتم، لەو جۆرە پرسانەدا مامۆستا و پسپۆر و زۆرزان و لێزانم، وەلێ دەرکەی ئەندێشەم لە تەپان و گرێژنە چووە و خەیاڵەیلم بۆ گرد و کۆ ناکرێنەوە، بۆیە بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێ دەکەم و وەسۆزەوە دەیهێنمە بان چوارپایەکە و بە گەرمی بەخێری دێنم، هەڵبەتە ئەویش بە کوتە و هەڵسوکەوتەیلی ئەو دەمی من! سەرسام و ئاسوودە و تەنا و ئارامە، ئەگینا کڕیار و بکڕی گەلەکی وەکی من هەن، دا لە کنیان وەمێنێتەوە و کەسی پێشتر پشتی ڕۆیشتنی لەبیر و فەرامۆشیکدا. وێدەچێ لەم جۆرە مامەڵە و کارانەدا تا ئاستێک سەرکەفتی و شابەخت بووبێتم، پتری دەسەر نەئاخفم، تا درەنگانی شەو و بوولێڵی بەیانی! مە تاوێ گفتوگۆ و بڕەک ماچانمان دەکردن و پیچەک یەکدیمان دە ئامێز دەنا و قیچۆکەیەک، پشوومان دەدا، جارێکی دی بادەمان فڕ دەکرد و سیگارمان وە سیگار پێ دەکردەوە و تێهەڵدەچووینەوە، یەکدیمان وەخۆوە دەنووساند، یەکترمان دەلێساوە و ڕامووسانمان دەکردەوە، ڕاستی خۆشە، کەشێکی وای بۆ فەراهەم کردبووم،

کە گوتەکانی پێشووی خۆمم هزر دەهاتنەوە، شەرمم وەخۆدا دەهاتەوە و عارەقەی ژیوانی و خەجاڵەتیم چین چین دەرِشتن.

پێی کوتم:

«کە وێ باوکێکی بەساڵاچووی هەس و دوو خوشکی قوتابیی زانکۆن و بۆ وەی باوکی بەخێو بکات و خۆشکەکانی زانکۆ تەواو بکەن، ملی ئەم کارە قێزەونەی گرتووە».

هەروەسا کوتی:

«منیش وازم بەوە هەبوو شووم بکردبا و خێزانم چێکردبا و سەربەرزانە ژیابام. پێمخۆش بوو نووکە لە وەڵاتی خۆم و لە نیشتمانی خۆمدا، بەزوانم زەوی و خاک و خۆڵی خۆم ماڵیبا و کاری ئاوا! لەم جۆرە کارە ئابرووبەر و ناجۆرانەم نەکردبا».

لەو دەمەیدا تۆپی چاوەیلی لە کاڵانەی پڕ ئەسرینی چاوەکانیدا بن ئاو کەوتبوون، بەڵانەکێ خۆ هەموو دەمێ حەز و هیوا و ئاواتەیل لۆ مرۆیەل ڕام نابن و نایەنە دەستەمۆبوون، ڕەورەوەی ڕۆژگار بە هێڤی و تەما و ئارەزوو نایەتە چەرخان! هێند خەفەتی ڕشت، هێندە حەسرەتی ڕووبەڕوو کردمەوە ئەوەندەی نەمابوو، بکەم بە جانتاکەمدا و بزڤڕێمەوە. پەیڤەیلی بۆ من نەبیستراو و نەگوتراو و نوێ بوون، بەر لە ئەو کەسی دی وا بە تاسەوە لێلم نەهاتبووە دوان. کەسی دی ئاوا بە سۆزەوە وێڕام نەپەیڤی بوو، نەخاسمە کە کوتی:

«پێمخوش بوو نووکە لە وەڵاتی خۆم و لە نیشتمانی خۆمدا بە زمان زەوی و خاکی خۆم ماڵیبا!».

ئای کە ئازاری پێ بەخشیم، وای کە خەمی لە دڵ نام! لە کورتی وەبیرمەوە! تەواو بێواز و شەکەت و هیلاک و ماندوو بووین، چ ل ئەنگێزای دەستبازییەلی پێشان! چ لە سۆنگەی ئاخافتن و گفتوگۆیەلی نێوانمانەوە، دەمێ ڕۆحمان دەنێو یەکدیدا ئاوێتەبوون! ئیدی لێی نووستین و خەو بەرزەفتی کردین.

شەوێ لە خەونمدا، سەرگوڵ هەردوو دەستی دەنێو پرچی ئیلینا ناوە و بەکێشی دەکات و دەیەوێ بە عەردیدا دا و سواری ملی بێ، ئیلینا هەر ئەوەندەی بۆ دەکرا قژی لە دەستەیلی سەرگوڵ ئازاد بکات، لێ نەیدەتوانی! ئیلینای بەستەزمانی زراڤی سووکەڵە، سەرگوڵێکی چوار پەل قەوی بەخۆو، تەنگەئەستوور، چۆن دەهێڵێ وا بەسانایی دەژێر دەستەیلی قوتار بێت، ئیلینا بەس هێندەی بۆ دەکرا بەرگری دەخۆی بکات و بپارێتەوە! لێ سەرگوڵ سەرەڕای ئەوەی تبلەیلی دەنێو تیتکەیلی ئاڵندبوون بە ئەژنۆکانیشی بە نێو لینگ و قولیدا دەکێشان، هەرچۆنێک بوو لێکم کردنەوە، بەڵام چی! گلۆڵەک موو بە تبل و ئەنگوستەکانییەوە جێمان! سەرگوڵ هەزار و یەک جوێنی ناجۆر و قسەی بێتامی ڕووبەڕووی ئیلینا کردنەوە، ئیلینا هێندە زاری هەڵهێنایەوە، کوتی:

«من لە یەسووعی خوا دەپارێمەوە و نزات بۆ دەکەم، کە بتهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاست»، ئەوەشی پێ کوت:

«تۆ ئەرەکوو ژنێکی دڵسۆز و بەئەمەک و دەئاست خواستی شووەکەت بووای و مێردەکەت خۆشبویستبا! کارێکی وات نەدەکرد پیاوەکەت بێجگە لە تۆ هەڵپەی ژنی دی و کاری بەتراف بکات».

سەرگوڵ دیاربوو قسەکەی بەهەند وەرگرت، چونکە زوانی بەسترا و ڕوخساری گۆڕا، بەڵام دواتر درێغیی نەکرد لە کوتە بازاڕییەکانی و پێی گوتەوە:

«برۆ هەی بدەری لە ئۆمەت نەچوو، با نەیەم هەڵتقڵیشێنم!» ویستم باوەش بە ئیلینادا بکەم دا دووریخەمەوە و کەمۆکەیەک دڵی بدەمەوە).

ئیلینا بە ئاگای هێنامەوە و کوتی:
«هەستە ئەوە چ خێرتە؟» سەرجەم جەستەم دەلەرزین. ئیلینا کوتی:
«لە دەنگ و هاواری تۆ منیش بەئاگا هاتمەوە، خەمم بوو کوتم شتێکی لێ بەسەر نەهاتبێ» دواتر کە خەونەکەم بۆ گێڕایەوە بەپێکەنینەوە وتی:
«چ نیین وە خەیاڵەوە نووستووی»، ئەوەشی کوت:
«هێندە لە ژنەکەت باکت باو سڵت کردبایەتەوە شوێنی وا ناشیرین و ناجۆر ناهاتی».
دە ئامێزم نا و وەخۆمەوەم وشی و چاومان لێکنایەوە. سەر لە بەیانی پاش سپێدە و دوای قاوەڵتی و خواردنەوەی چا و کووپێکی قاوە، چووینە سەر دەریا، دەریا چی دەریا، نە سەری بوو نە سامان! چون ڕەوانشاد داڵکم دەیفەرموو.
خۆمان لە ئاو هەڵکێشا! شەڕە ئاو و ئاومان پێکدا پرژاند، مەلانمان کرد، وێنەمان گرت، گۆرانیی لۆ دەچڕیم، ختووکەی دەدام، چاوی دەقووچاند، هەستمی دەبزواند، کەشێکی گونجاوی وای بۆ ئەفراندبووم تەنێ گوتەکانی و لەشولاری نەبێت! ژیان لەو دەمەیدا پوولێکی نەڕۆییو و قەڵبی پارسەنگ نەبوو، گوتەکانی وێ، هاوڕێ خلەی قالەکەڕی بیرهێنامەوە، یادی وەخێر، کەڕەتێک پێی گوتم:
«حەمە عەلی! ئەوی سوزانییەل پێم دەبەخشن و بۆم دەکەن، ئەگەرەکوو داکی مندارانم سێیەکی وێی لۆ کردبام، وە منارە نەخشینە دە ژیانمدا نزیک و توخنی هیچ مێینەیەک نەدەکەوتم».
ئەمەیانی وە دەمە سوعبەت کوت.
هەینێ کوتی:
«چار چییە! ئێستەشی لێل بێت، ئێژی ئەو شەوەیە! بە بووکی پێک ئاشنابووین. ئاخر کولتوور و کەلچەری ئەم وڵاتەی مە وایە».
نیوەڕۆکەی بۆ فراوین! ڕۆیشتینە ڕێستۆرانتێکی دەگمەن و ناوازە و دیار و بەنێوبانگ! ماسیی سەلەموون و قریدس و قرژاڵمان خوارد، ئەم چەند خواردنە بژارەی وێ بوون. هێند بە چێژ و تاسەوە، ئەو خواردنانەی دەخواردن و ئەو پارووانەی دە زار دەئاخنین دەتکوت، هەبێ و نەبێ ئەمە ڕێک کتێبەکەی لە مەڕ ئەتەکێتی خواردن، گشتی سەرلەبەر ئەزبەر کردوون.
دواتر ناردی قاپێ ڕۆبیانیان بۆ هێنایین وە پێکەنینەوە واتی:
«ئەمە لۆ سێکس دەرمانە».
تەواو خولیا و ئەندێشەکانمی بە خۆیەوە گرێ دابوون، ئەرەکوو بکاربام سووڕانی تۆپی زەوینم بۆ چەند دەمانێ ڕادەگرتن. چووینە نێو بازاڕ چەند سوپەرمارکێتێکمان کرد، ڕۆیشتینە کافێیەک سەرو قاوەیەکمان هەڵدا، گەڕاین سووڕاین، تا شلوکوت بووین، ڤێجا بە ئۆتۆمۆبێلێکی تاکسی بۆ ژوورەکەی خۆمان لۆ هوتێلەکەی لێی ئاکنجی بووین ڤەگەڕاین.
دروستە! ئەز مرۆیەکی شەلاتی و سەرسەری و خڵتەی توێژ و چینەکەی خۆم بووم! لێ ئەم ڕێکەوتەی وا هەوکە باسی لێوە دەکەم و لێی دەئاخڤم! وانەی زۆری لێوە فێربووم و فرە ژیانی گۆڕیم و ئەزموونێکی زۆری وێدام، نووکە ئافەریدە و مرۆیەکی جوایەزترم ! کە ئەمەیشە دەرهاویشتە و هەڵهێنجانی گوتە و فەرمووده گەوهەرییەکانی ئەو خانمە ئاکار و ئەتوار فریشتەییە بە دیدی خۆم!.
خۆمان گۆڕی، سەرو دوشمان کرد و تاوێک وە دەستلەملانێ و وە ماچ و مووچ و ئاوێتەبوون نووستین! پاشان ڕابووین. جارێ هەر هەڵاژابووین ڕووم لێنا و چون وێ وە نیانی کوتم:
«ئازیزی دڵ! بەرنامە و دەرچوون و گەڕانی ئەم ئێوارەیەمان کوو دەبێت؟».
خۆی لەسەر چوارپایەکە کۆکردەوە و تبلێکی

بەسەر لووتمەوە تا خوارەوەی وە کەپوومدا هێنا و زەردەخەنەیەکی مەیلەو کاڵی لێ کرد و واتی:

«گیانی من! با مەیل و حەز و ئارەزووی تۆ بێت» زێتر لە ئەو بە خۆمەوەم نووساند و کوتم:

«نا! پێمخۆشە ئەم جارە بڕیار لەلای تۆوە بێتە کرن».

پیچەک وەستا و ئانیشکی کردە گۆشەیەکی تیژ و دەستی لە چەناگەی نا! قامکی بە چەماوەیی لەسەر لێوانی خستن و لە فیکران ڕاچوو، پاش سێ چوار چرکان، وە زەردەخەنەیەکی کەمۆکەیەک کاڵەوە وەت:

«تۆ کەنیسەی مەریەمی پاکیزەت دیتووە؟»، بێ ئەوەی بیر لە شتێ بکەمەوە، دەمودەست کوتم:

«نا! فرەم شوێنی ئەم شارەی بەیرووتە پشکنیون! لێ ئەو جێگەی تۆ ئێژی بۆی نەچووم.» نەختۆکەیەکم لێ هاتە پێش و نێولەپی لە ڕوومەتم ساوی و کوتی:

«کەواتە ئەم ئێوارەیە زیارەت و سەردانی ئەوێندەر دەکەین، تۆ ڕازییت؟»، جارێکی تر بە خۆمەوەم نووساند و، کوتم:

«بە ئارەزووی تۆ!»، زەردەخەنەیەکی تەنک لێوەیلی بەسەرکردنەوە و سەری بڵند و نەوی پێ کرد و وات:

«کەواتە جیاوازی و ئاریشەمان نییە!».

دوو نەستەلەی لەنێو جانتا ڕەشەکەی بن دەستی و تەنیشتییەوە دەرهێنان و بەرگی یەکیانی داماڵی و بە دوو ئەنگووستانی بلوورینی وێڕای ماچێکی تەڕ لە زاری نام، دواتر ئەویدییانی ڕووت کردەوە و لە دەوی خۆی ئاخنی، پاشان سەرو سیگارمان بەبادا دا! ئەو جار، گوتی:

«نووکە هەستە و هەڕوو خۆت تەمیز و پاقژ وەکە و بڕێکی ئاو وەخۆکە! ئەم بۆ ئاوا و جێگەیەکی پیرۆز و خاوێن و تەمیس ئۆغر دەکەین».

چون ئەو کوتی، کوتەکانی وێم هێنانە جێبەجێکردن، لە گەرماوەکە! بەشی بیرگە و ئەرشیڤی پارێزگاریکردن لەنێو قاپۆرکی کەلـلەمدا زڕاندمێوە بۆ ئەو کاتی منداڵ بووم، تەمەنم هەر وا هەشت نۆ ساڵێک دەبوو نابوو! کاتێ پشووی هاوینی گشت ساڵێکی دەگەڕامەوە ئاواییەکەی خۆمان و جاری وا بێ! ماوەیەکی دووروودرێژ لە ماڵی بابام لە گوند دەمامەوە، جا زۆربەی کاتەیل لێل منداڵانی گوند نزیکی مزگەوتەکەی ئاوایی دەبووینەوە، کە خەڵکێکی فرە لە پیاوانی گوند لەوێندەر! هەم کاتەکەیان وەسەر دەبرد و هەمیش گەلەک جاران گوێیان بۆ مامۆستا مەلا کاکەسوور هەڵدەخست، حەدیس و وەعز و بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی لێ دەگێڕانەوە، ئێمەی منداڵ و تواڵیش، کە لە گەمان بێزار و وەڕس و شەکەت دەبووین، دەچووین لەولای ئەوانەوە هەم پشوویەکمان دەدا و هەمیش گوێمان بۆ گوتەیەلی مامۆستا دەگرت، پیاوێکی عەنتیکە و خۆشڕەوتار و خۆشمەشرەب و قسەزان، زۆریی شیعری شاعیرانی کۆن و کلاسیکی دەبەر بوون، زۆر جاران بە دەنگە خۆش و سەرسوڕهێنەکەشی موناجاتی دەچڕین. کەڕەتێ لە بەردەوامی و دەنێو قسەکانیدا کوتی:

«هەر مرۆیەک لێل ئافرەتێکی فەلە (جیماع) بکات! پێویستە خشتێکی قوڕی سوورکراوەی نێو کوورەی ئاگر، لە بن پێیەکانیدا بنێ و ئاو بەخۆیدا بکات! تا تەواو خشتەکە دەتوێتەوە و شوێنەواری نامێنێت، ئەو جار غوسڵ و بسمیلی دەردەچێت و پاک دەبێتەوە!».

من ئەو دەم نەمدەزانی جیماع چییە! زقورمەیەکم لە هاوڕێکەم دا و گوتم:

«عوسە! عوسە ناوی دروستیی، عوسمان

بوو! چەند ساڵێ لە من هەراشتر بوو، باوکی کەوا و سەڵتەی بۆ کڕی بوو، سەریشی پاک تراشی بوو، چنگێ موو بە ژوور نێوچەوانییەوە بوو، پێیان دەکوت کاکۆڵ. دەمێ کەوا و سەڵتەکەی لەبەر بکردبا، کڵاوەکەشی لەسەر دەکرد، وەکیتر هەر وەکوو مە، کراس و شەرواڵی دەپۆشی، ئەویش ئاکنجی و خەڵکی شار بوو، وەلێ ئەو وەکی من مەکتەبلی نەبوو! لای مەلای دەخوێند و گەر چاوی باوکی لێ دوور و خافڵ با نوێژەیلی نەدەکردن، کەچی بابی دەکن خەڵکی دە پەسەندیدا دەیگوو:

«فەقێ عوسمانی خزمەتکارتان خوا دەست وە تەمەنییەوە بگرێ لێل منداڵەیلی ئێوەدا، سەری بچێ نوێژی بە زایە ناچێ».

عوسە بەرسڤی دامەوە عەلە بێژە. گوتمەی:

«جیماع چییە؟»

عوسە، بەسەر دەستی چڵمەکەی سڕین و وە پێکەنینەوە کوتی:

«ئەوەی شەوان دە نێوان باوکت و داکتدا دێتەکردن».

ئانیشکێکم ماڵیی وە قەبرغەیدا، نا تووخوا عوسە گیان!

«کەرە! بۆ نازانی یانی سواربوون».

«سواربوونی چی؟».

«بە خوا بێ ئەقڵی! کورە گانگانۆکێ».

دواتر ئەویش دوشێکی کرد و خۆمان پێچایەوە و پۆشتەوپەرداخ، ژوورەکەمان ڕادەستی کپیی کرد، پێش ئەوەی لە پێپیلکەکان ڕۆچینە خوارەوە! زەنگی مۆبایلەکەم بڵند بووەوە.

«هەلەو...»

«ها سەرگوڵ!»

«لە کوێی؟»

«بەیرووت»

«کێت لەگەڵە؟»

«هەر خۆمم!»

«نا بڕوا ناکەم.» تووووت.

ئیلینا بە تەنیشتمەوە ڕێی دەکرد، بەری وەلامەوە کرد و قۆڵی دەنێو قۆڵمدا نا و کوتی:

«ئەوە کێ بوو؟» ویستم لێی وەشێرم، کەچی کوتی:

«هاوژینەکەت بوو؟».

کوتم: «ئەرێ!»

بە پلیکانەکاندا لە هوتێلەکە داوەزین، لە پێش دەرکەی هوتێلەکە، هێمای بۆ تاکسییەک کرد و بە زمانەکەی خۆی حاڵیی کرد و تێیگەیاند، دەچینە فڵانە وار و فیسارە جێگە. ئەوەندەی نەئاژوو تاکسیی تاین! لە نوای کەنیسەیەکی مەزن وە ئالی شۆستەکەوە لەنگەری گرت، کەنیسە چی کەنیسە، لە گشت مزگەوتەکانی لای مە سەرنجڕاکێشتر، نەخشونیگارێکی بێ وێنە، بە بەردی حەلەلان چێ کرابوو، سەوزیی باخچە و درەختەکانی ئاوی لە چاو دێنا، ئەو زەوینەی هێندە پاکوتەمیز بوو ڕۆنت لێ ڕشتبا و پاشتر وە زوان بتلێسابایەوە، دیرۆکێکی لە مێژینەی هەبوو، مرۆ دەسەیرکردنیدا ئەبڵەق دەبوو.

مە وە جووتە ڕووەو دەروازەی کەنیسەکە شەقاومان نا! لێ دواتر ڕێڕەوەکەمان گۆڕی و چووینە سوپەرمارکێتی کن کەنیسەکەوە، بۆ بڕێک پێویستیی ژنانە بۆ ئیلینا.

بیرم چوو بەر لەوەی لە سوپەرمارکێتی تەنیشت کەنیسەکەوە بچینە ژوورەوە، مێردمنداڵێکی ڕوواڵی پرچ گڤن، وە گیتارێکەوە قیچێک لە دووریی دەروازەی سوپەرمارکێتەکە موزیکی دەژەنی، چوو بەلایەوە و پیچەک وێستا و نزیکەی پێنچ یەکی ئەو پارەیەی من وێم دا! ڕەدەستی موزیکژەنەکەی نا! سەیرم پێ هات! لێ سۆسەی ئەوەی لەلا چێ بوو، پرسیاری ڕووبەڕوو دەکەمەوە، خۆی دووا:

«ئەم کوڕە هونەرێکی جوانم تیا دیت! بۆ ئەوەی خۆی دروست کات و پەرەش بە کارەکەی

با، پێویستە ئەم جۆرە کەسانە دەستبار و دەسگیرۆیی و کۆمەک کرێن! دا خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن و مرۆڤایەتی جوانکەن.».

ڤێجا ڕووەو دەروازەی کەنیسەکە پێنگاڤمان نا، لە دەرکەی دووەم ئاودیو بووین! کە حەرەمی کەنیسەکەیە، هەیوانێک مینا پرسگە بوو، کەنیشکەک لەسەر کورسییەکی پلاستیکی خاکی ڕۆنیشتبوو، خەیاڵ پەلکێشی ئالی سترانە بە نێوبانگەکەی نازم غەزالیی کردم! خێرهاتنێکی گەرمی لێ کردین.

ئەویش داوای سەرپۆشێکی کرد و بە جوانی ڕوو و ڕوخساری منالئاسای خۆی پێ وەرشارد و خودیکێک بە دیوارەکەوە ئاوێزان بوو، چاوێکی لێ کرد و بە هەر دوو قامکە شووشەییەکانی چمکی لەچکەکەی ڕووەو گۆنا گێلاسییەکانی هێنان و ئەگریجەکانی پێ داپۆشین. مۆمێکی نیمچە زەلامی هەڵگرت! دەستم دە بەرکم نا، ویستم پارەکەی وێدەم! دەستێکی بەرز و هەر پێنج قامکانی هێنانەوە یەک و کوتی:

«نا! ئەو مۆمە! لۆ خۆمی دەکرم، وا باشترە خۆمیش پارەکەی وێدەم! ئەتۆش مۆمێک لۆ خۆت بستێنە.».

منیش هەر وام بەرخورد کرد، وەلێ بەخۆشدا شکامەوە، چارم نەبوو! ڕێیەکی دیشم نەبوو. وێجا کەوتە نوام و بە هەسپایی و بە نیانی چووە ژوورەوە و منیش بە ئارامی و وەکری بە دوویدا خزیم، بە پێی دابونەریت و ئۆل و دینی خۆیان، ڕێورەسم و تەقسە ئایینییەکەی خۆی ئەنجام دا و، کەوتە خوێندنەوەی وێرد و نزا و پاڕانەوە. منیش هەروا وەکپی و کری و حەپەساوییەوە سەیری دەکەم، خۆبەخۆ کەوتمە گلەیی و سەرزەنشت کردنی خۆم (بێ دینی دوور لە ئایین و بێ موبالات و سەرسەری، ئێستە کەوتوویتە دووی کچێکی سەروعوزرشۆری فەلە، هێناوتی سەردان و زیارەتی کەنیسەت پێ دەکات!).

ویستم بڵێم هەی داوەشێیت! وشەکەم قووت دایەوە و گوتەکەی دایکی خوالێخۆشبوومم بیرهاتەوە، کە بە منداڵی بەردەوام پێی دەکوتم:

«خۆزی توتکێکم با و تۆم نەبووبای، بابت دڵی خۆشە کوڕی هەن، دەک لە وەجاخدا نەمێنی».

بەڵام هەر زوو شێخی سەنعان بەسەری کردمەوە و دڵخۆشیی خۆم پێ دایەوە، ئێژن شێخی سەنعان، شێخێکی بەرماڵ و خودان دەیان مرید و دەروێش دەبێت، عەشق و ئەویندارییی کچێکی فەلە سەبر و حەوسەڵەی لێ هەڵدەگرێ و دواتر لەو نێوەندەدا کیژە هەڵدەبژێرێ و واز لە شێخێتی دێنێ.

جا شۆخی و گەمانم بەو شتانەی دەهاتن، ئەز لە کوێ و ئەم ڕێورەسم و سرووت و تەقسە ئایینییانە لە کوێ! لێ سووسەی پاکبوونەوە و خاوێنیی خۆشم دەکرد. ئەمە منم، کە ئارەزوو و شەهوەتەیلی خۆم وەلاوە ناوە و ئێستێ وا بە دیدی من نا! بە دیدی وێ لە پیرۆزترین شوێنی ئەم وڵاتە و مینا لاڵ و کەڕ لاسایی بزاوت و جووڵەیلی وێ دەکەمەوە و ئەوی وێ دەیکات، منیش ئەنجامی دەدەم، بەڵان بە زمانێکی ترو بە دیدێکی دی، کە نە هیی ئەو و نە هیی خۆم بوو، کە هاتە تەواوبوون، ئاوڕێکی لێ دامەوە و سەرێکی وەلای شانیدا سووڕاند، هامانا با وەچین، ئەزیش هێدی هێدی و وە بێدەنگی لە دووی چووم. «خودایە تووشی چ بەڵایەک بیم»، گاهێ هاتینە دەرەوە، تووشی شۆک هاتم! ڕوخساری ئیلینام دیت بارتەقای گلۆپێکی (١٠٠٠ واتی) تیرۆژ و ڕووناهی و متمانەی دەبەخشی و دەوەشاند، ڕووی تژی بەرائەتی منداڵئاسای شەوارەی بە چاوەیلم دەکردن، هێمن و ئارام، سەنگین و دەسەرەخۆ دەوی لە پەنای گوێم نزیک کردەوە و هەر بە ڕۆیشتنەوە زاری بەشکردەوە

و پێی کوتم:
«نزام بۆ تۆش کرد!»، سەرێکم وەلایەوە چەرخاند و هەڵوێستەیەکم کرد و کوتم:
«بۆ من؟»، دەستێکی لە شان نام و بزەیەک گرتی و کوتی:
«ئەرێ!»، هوردە هوردە جمیاین و کوتم:
«چۆن؟»، لە دەرکەی هۆڵەکەوە ئاودیو بووین، کوتی:
«چاک!».
کوتم: «چت کوت؟»، لەم دەمەدا لە نێو باخچە و چیمەنی کەنیسەکەدا وێستابووین، گوتی:
«پاڕامەوە لاڵامەوە! دوعا و نزای خێرم بۆ کردی، خوا نەتەوەکەت سەرفراز و وڵاتەکەت ئاوەدان و ماڵباتەکەت بپارێزێ!».
کوتم: «چی دی؟» کەڕەتێکی دی نێولەپی بە لا شانم نا و کوتی:
«ئارامی و ئاسایش بەرقەرار و توندوتیژیی لە نیشتمانەکەت بنبڕ بێت»
جا بەرلەوەی لە یەکدی جیاببینەوە، نوشتێ پارەم لە بەرکم دەرێنا و گەرەکم بوو لە بەرکی کراسەکەی نێم، پاڵی بە دەستمەوە نا و ڕەتی کردەوە و کوتی:
«من حەقی خۆم بە زیاردەوە وەرگرتووە، کە چوویتەوە بیدە بە دیاریی بۆ سەرگوڵی هاوژینت، کە ئێستە چاوەڕێت دەکات».
تەواو بە خۆمدا شکامەوە و تەریق بوومەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت:
«کاشکا ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان دەهات و چەند کۆرسێکی نیشتمانپەروەریی بە وەزیر و پەرلەمانتارانی لای خۆمان دەگوتەوە».
بەر لەوەی جیاببینەوە، ئەم ڕستە مرواریییە دوادیدارمان بوو:
«بە هیوام ئەمە دوا جارت بێ لێرە و کە چوویتەوە سەرگوڵ ماچ کە و لە ئامێزی بگرە!».
دوای ئەو دیدار و دابڕانە چەند ساڵێک لە دوورەوە چاودێری و ئاگامان لە یەکدی هەبوو.
لەم ساڵانەی دواییدا تیمێکی ژینگەدۆستان سەردانی کوردستانیان کرد، ئیلینا لە نێو دەستەکە بوو، کچەزایەکم ڕۆژنامەوان و میدیاکار بوو، پێم گوت:
«هەڤپەیڤینێکی دەگەڵ بکات و هەواڵی خوشکەکانی بپرسێ»، ئەو گوتبووی:
«ئەو دووە! (واتە خوشکەکانی) ئێستە هەردووک دوکتۆرن و لە نەخۆشخانە خزمەت دەکەن!»، فریشتەیەکی ڕزگارکەری ئەم نیشتمانەی ئێوە، دەستباری کردوون و منیشی لە دۆزەخی زەلکاوی قێزەونی ئابڕووبەر دەرهێناوە، ساڵانێکی فرەیە لێک دابڕاوین و ئاگامان لە یەکدی نییە، ئەگەر ماوە و ئاشنایەتیت دەگەڵی هەیە، منەتبار دەبم پێی شادبمەوە.
کچەزاکەم لە وەڵامدا وتبووی:
«ماوە! وەلێ! نایەوێ بتبینێتەوە»، گوتبووی:
«کەواتە ئەم وێنەیەی «مەریەمی پاکیزە»ی بۆ بەرە» و پێی بێژە:
«منی چەند لە عیسای مەسیح نزیک کردەوە، ئەویش ئەوەندە لە خوای خۆیەوە نزیکە».

**فەرهەنگۆک:**
**ئازگار: تەواو. چەمەدان: جانتا. دەردوور: دەوروبەر.**
**خۆمۆڵ: لاواز. خودیک: ئاوێنە.**
**تەبت: ئارامی. تەنا: ئارامی. توڕی: شەلاتی.**
**ئیڤەلی: سەرسەری. باندۆر: کاریگەر.**
**تبل: قامک. بەدەو: جوان. جەخار: کۆڤان، کۆژان، خەم. پێوار: نادیار.**
**بەینەت: ئەمەک، وەفا. نوا: پێشەوە. وەتاغ: ژوور، ئۆدە. واز: کراوە. واز: حەز.**
**متا: جۆر. هەرێ: پەیمان، سۆز.**

٢٠١١